# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

TARAWGA تاراوگە

تاراوگە TARAWGA

**10 Mei . 2019 No. [47]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**


دوو کورد، پاڵێوراوی دوو شارەوانین لە ئەڵمانیا، خاتوو ئایسل ئۆزکان لە شاری هامبۆرگ و یوسف مەنتک لەشاری لودڤیگسهافن لەسەر لیستی پارتی سەوز.... ل 1

(بێوار)، یەکەم ژمارەی لە 15 ئابی 1996 دا دەرچووە، بەشی یەکەم و دووەمی نوسینێک دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە. ل 2 و ل 3

پێداهەڵدانی هەڵە، زیانی لێدەکەوێتەوە چی ڕوودەدات کاتێک منداڵان لەلایەن دایکان وباوکانەوە بەردەوام ستایش دەکرێن؟ موفەر عەزیز- ئەڵمانیا، ل4 و ل 5

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە ل 6.

ئۆتیزم و چارەسەرکردنی کێشەی چوون بۆلای پزیشکی ددان... عومەر ڕەسوڵ ، ل7

هونەرمەندی شێوەکاری کورد: ئاکۆ غەریب ل 8





KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

10 Mei 2019 Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl 47 ژمارە 10 مایسی 2019

# دوو کورد پاڵێوراوی دوو شارەوانین لە ئەڵمانیا. خاتوو ئایسل ئۆزکان لە شاری هامبۆرگ لەسەر لیستی پارتی سۆسیالدیموکرات و یوسف مەنتک لەشاری لودڤیگسهافن لەسەر لیستی پارتی سەوز.

## لەهامبۆرگ ژنەکوردێک کاندیدی شارەوانییە...




ڕۆژی (2019/05/26) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی ئەڵمانیا بەڕیوەدەچێت.

لە هەرێمی (هامبۆرگ) ژنێکی کوردی باکور خاتوو "ئایسل ئۆزکان" لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکرات لە فراکسیۆنی Altona خۆی کاندیدکردووە.

دوا لە هەموو کوردانی نیشتەجێی ئەو هەرێمە دەکەین دەنگی خۆیان بدەن بە خاتوو "ئایسل ئۆزکان".

لەم چەند ساڵەی دواییدا، نەوەی دووەم و سێهەمی کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە توانیویانە لە ناو دامودەزگاکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، جێگەو ڕیگەی خۆیان بکەنەوە و ئەرکی سەرشانی کوردانی تاراوگەنشینە کە هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی ئەم ڕۆڵانەی خۆیان کە لەم ئەنجومەنانە خۆیان پاڵاوتووە سەرکەوتوو بن و دەنگیان پێ بدەن.

کوردستانیانی تاراوگە تەنها بە یەکگرتن و هاودەنگی دەتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و دەتوانن لۆبییەکی بەهێز بۆ ئایندەی گەشی خۆیان دروست بکەن.




دوا لە کۆچبەرانی کوردی ئازیزی نیشتەجێی شاری لودڤیگسهافن دەکەین، بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەڵمانیا لە ڕۆژی (26/ 2019/05) ، بچنە سەر سندوقەکانی هەڵبژاردن و دەنگی خۆیان بدەن بە بەڕێز کاک (یوسف محەمەد)، ناسراو بە یوسف مەنتک، نوسەری کورد و چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەسەر لیستی سەوز، کە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی خۆی پاڵاوتووە.

ژمارەی لیست 51

Liebe Bürgerinnen liebe Bürger!
Ich engagiere mich im Bereich Migration und integration in Ludwigshafen und kandidiere für den Stadtrat auf der Liste der Grünen in Ludwigshafen.
Bitte Sie am 26.05.2019 um Ihre Unterstützung!
Ihr Josef Mohamad

Listenplatz 51

# (بێوار)، یەکەم ژمارەی لە 15 ئابی 1996 دا دەرچووە،

# 127 ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە،11 ساڵ توانی بەبەردەوامی دەربچێت.

# دامەزرێنراوی هەل و مەرج و پێداویستییەکانی ئەو دەمەی تاراوگە بوو.














لە سەروبەندی یادی رۆژنامەگەری کوردیدا و پاش تێپەڕبوونی نزیکەی 23 ساڵ بەسەر دەرچونی یەکەم ژمارەیدا لە 15 ئابی 1996 و 12 ساڵیش بەسەر دوا ژمارەیدا لە سێپتەمبەری 2007 دا, بۆ بەرزراگرتنی یادی بڵاوکراوەی ( بێوار ) لە کۆڕێکی شایستە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی هۆڵەندا، لە نێویاندا ژمارەیەک لەو نووسەرانەی بە بەرهەمەکانیان لاپەڕەکانی ( بێوار)یان دەوڵەمەند دەکرد و هەروەها نامەی چەندین نووسەری خاوەن خامەی پڕ پێز کە بە نامە یادەوەری هەڵسەنگاندنیان بۆ رۆڵی بێوار کردووە لە کاتی خۆیدا، گەشتێکمان بە نێو بابەتەکانی ( بێوار )دا و کرد، بۆ ئاشنابوونی هەموانیش هەر جارەی بەشێک لە راپۆرتی سەرپەرشتیاری (بێوار) نووسەر و رۆژنامەنووس ( هیوا سەرهەنگ ) کە بۆ ئەم یادە ئامادەی کردبوو بڵاو دەکەینەوە:

بەشی یەکەم:

## بۆچی بێوار ...؟!

ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لام سازا بوو، هەر لەو دەمەی گەیشتمە هۆڵەندا و کارکردنم لە یانەی کوردی میدیا و پەیوەندی یەکسەری رۆژانەم بە زۆر لە پەنابەرە کوردەکانەوە کاتێ دەهاتنە میدیای کوردی لە رۆتردام بۆ کارئاسانی و هاوکاری کردنیان، ساناش بوو لە بارێکی دەروونی ئاڵۆز و نامۆ بە جیهان و کەلتوری ئەورویا بن و لە ژێر فشاری کەلێنە دەروونیەکانی دابڕان دا بن، لە خێزان و شوێنی لەدایکبوون و سەنتەری بیرەوەرییەکان لە کۆڵان و شەقام و ئەو گەڕەکەی تیایدا پەروەردە بوون، سەرباری بارودۆخی کوردستان و هەڕەشە بەردەوامەکانی ڕژێمی بەعس و ئایندە ناروونەکان لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان..

هەموو ئەمانە ئەو هۆکارانە بوون بۆ دەرئەنجامێک کە بڵاوکراوەیەکی کوردی تێیدا لە دایک بێ، هەم نووسەرانی پەنابەر و هەم خوێندەواران لە کوردی پەنابەر لە نزیکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بەشێک لە ئالۆزییە دەروونی و دەربەدەرییەکانیان بڕەوێنەوە، کاتێکیش پێداویستییە بابەتی و خۆییەکان رۆژبەرۆژ زۆرتر سەریان هەڵدا، بیرۆکەی بوونی بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردیش بەهێزتر دەبوو. بۆخۆی هەرواش بووە هەر لە سەرەتای هەستکردن بە گرنگیەتی هەواڵ و زانیارییەکان لە ساڵی 1400 لە ئیتالیاو کە ئەو دەم ئامێرەکانی چاپ هێشتا دانەهێنرابون پاشان لە لە ساڵی 1600 زۆرتر بایەخی ئەم زانیاریانە و فراوانبوونی زەمینەی بڵاوبوونەوەیان پەرەی سەند و ڕۆڵ و کاریگەری لە نێوان چین و توێژەکاندا و گەیشتنی پەیام و زانیارییەکان بە زۆربەی شوێن و خەڵکەکە، هەر بۆیە بیریان لە ئامێری چاپکردن کردەوە بۆ کارئاسانی و زۆرترین چاپکردن و وەک بەشێک لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی دەیان بینی، کەواتە هۆکار و پێداویستییە بابەتی و خۆییەکان هەمیشە رۆڵی سەرەکییان دیوە لە بوونی گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا و (بێوار) یش دامەزرێنراوی هەل و مەرج و پێداویستییەکانی ئەو دەمە بوو .

لێرەشدا جێێ خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەم کە یانەی کوردی میدیای رۆتردام هەر لەو کاتەی دامەزراوە ساڵی 1993 وەک دامەزراوەیەکی کوردی پڕ پەرۆش بۆ دۆزی کوردی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی پەنابەر لە هۆڵەندا و هەروەها وەک یەکێک لەو ئەرک و چالاکیانەی لە پێناویدا دامەزراوە، هەمیشە رۆژانە هاوکاری و رێنماییدەر بوە بۆ ئەو کوردانەی روویان لە یانەی میدیا کردوە، ئەوەی جیی خۆشحاڵی و شانازیشە ئەم یانەیە لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخە دژوارانەی سەردەمانی شەڕی ناوخۆ هەوڵیداوە بێلایەنانە کار بۆ هەموو کوردێک بکات کە روویان تێکردووە و ئەمەش مێژووە و مێژووش بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو دەمەی تۆمار کردووە و کوردستانیانی رەنگاڵەی بیر و باوەڕیش گەواهی ئەم راستییە دەدەن و لاپەڕەکانی (بێوار) یش هەمان گەواهی دەرن.

چاوەڕوانی بەشی دووەم بن...


# بێوار وەک بڵاوکراوەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتی دەردەچوو، هەر ئەوەش پێناسەکەی بوو تا دوا ژمارەی












گۆڤار بۆخۆی بڵاوکراوەیەکی ناوبەناوی هەفتەیی یان مانگانەیە چاپدەبێ و بڵاو دەکرێتەوە بە پێێ بەرنامەیەکی دیاریکراو، ئەمەش دەکرێت چاپکراو بێت لەسەر کاغەز و بڵاوبکرێتەوە یان ئەلکترۆنی بێ، کە ئەمەی دووەمیان گەیاندن و بڵاکردنەوەی ئاسانتر و فراوانتر و تێچوونی کەمترە. ئەم بڵاکراوانەش رووبەرێکی فراوانی هەیە لە رەنگاڵەیی زانیارییەکان و بیروڕادەربرین، دەکرێت ئەم بڵاوکراوانە تایبەتمەندی تێدابێت و وەک لەوەی رووناکبیری گشتی بێت ، یان بازرگانی، یا سیاسی، یاخود بابەتەکانی ئارەزوومەندی و کات بەسەر بردن، ئەم بلاوکراوانەش لەگەڵ رۆژنامەدا جیاوان لە فۆرم و ناوەرۆکدا، بەوەی کە ئەم بڵاوکراوانە یان گۆڤار دەتوانرێت ماوەیەکی زۆر هەڵبگیرێت لە هەموو ماڵێکدا چون قەبارەیان بچووکترە و هەروەها لە رووی ناوەرۆکیشەوە کەمتر لە رۆژنامە بایەخ بە بابەتی خێرای کات دەدا، وەلێ هەردووکیان دەچنە نێو دنیای رۆژنامەگەرییەوە و ئەوەی لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانیشدا کاردەکەن بە رۆژنامەنووس ناوزەد کراون لەیاساکانی رۆژنامەگەری و سەندیکای رۆژنامەنووساندا. دنیای رۆژنامەگەریش هەروا ئاسان نیە و بێ لە پاشخانی رووناکبیری و شارەزا لە بواری رۆژنامەگەری و ماندووبون و تەنانەت شەونخونیشی دەوێت، بۆخۆم هەمیشە بڕوام وابووە کە گۆڤار و رۆژنامە بەشێکی گرنگی پەیوەندی نێوان دەنگە جیاوازەکان و گەیاندن و بەئاگاهێنەری تەواوی بوارە جیاجیاکانی رایەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رووناکبیری نەتەوەیی و کولتورین، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ سەردەمانی حەفتاکان، ئەو دەمەی پێشبرکێی گەشەکردنی رووناکبیری لە نێوان بەتایبەت گەنجانی نووسەر و رووناکبیراندا هەبوو، بەندە لەگەڵ چەند نووسەر و خاوەن خامەی بەپێز بیرمان لە دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی کردەوە کە شایستەی ئەدەبی روانگە بێت لە شاری هەولێردا، لەم بیرۆکەیەوە گۆڤاری ( خەرمانەی ووشە ) لەدایک بوو کە دەستەی نووسەرانی پێک هاتبوو لە ( سەعدوڵلا پەرۆش ، هیوا سەرهەنگ، جەوهەر کرمانج، مستەفا رابەر، تاریق جامباز و عبدوڵلا خدر مەولود )، کە ژمارە یەکی لە ساڵی 1973 لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر بە چاپ گەیشت. لێرەش لە هۆڵەندا هەروەک سەرەتا ئاماژەمان بە بارودۆخی کوردستان و حاڵ و باری پەنابەراندا، پێداویست بوونی بڵاوکراوەیەک بەزمانی دایک زەمینەی ڕەخساوی هەبوو، ئامادەکاری تەواوی سەرەتایی بۆکراو هەروەک چۆن تەواوی گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تر لە بوارە جیاجیاکان و جیهاندا دەردەچن. یەکەم جار هەبوونی گۆڤارێک پاشان بابەتی گۆڤارەکە کە ئەمەیان زۆر گرنگە و ناکرێت هیچ گۆڤار و بڵاوکراوەیەک دابمەزرێنیت بێ بیرکردنەوە لە بابەتەکانی و ئەو جەماوەرەی دەبێتە جێ مەبەستی بڵاوکراوەکە.

قۆناغێکی تر قۆناغی هەڵبژاردنی ناوی بڵاوکراوەکەیە، کە دەبێت کورت و ئامانج پێکەر بێت، چۆن ئەم ناوە پاش ماوەیەک لە دەرچوون و بڵاوبونەوەی گۆڤار یان بڵاوکراوەکە، دەبێتە ناوێکی بازرگانی بۆی، وەک ناسنامە و پێگە و قورسایی بڵاکراوەکە دەناسرێت.

لە دنیای رۆژنامەرگەریدا، گەلەک ناو هاتن و چوون و باسیان لێوەکرا، دەمانویست ناوێک بێت، لەگەڵ مێژووی خەباتی کورد و کوردستانیانی پەنابەر لە دەرەوەی کوردستان جورێک لە تێهەڵکێشی دەروونی هەبێت، هەربۆیە دوا جار ووشەی ( بێوار ) مان هەڵبژارد کە ساڵانێکی زۆرە قوربانی دەدەین و سەدان هەزار شەهیدمان لە پێناودا داوە کەچی هێشتا خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی خۆمان نین و وەک هەموو گەلان ئاڵامان لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا نیە و رێکخراوە نێودەولەتییەکان وەک دەوڵەت ناماناسن. یەکەم ژمارەی ( بێوار لە 1996/08/15) چاپ بڵاوکرایەوە سەرەتا بریتی بوو لە چوار لاپەرەی ( A4 )، پاشان دەرئەنجامی زۆری پەیوەندی و بەرهەمی نووسەران و گۆشە جۆراوجۆرە پێویستەکانی ئەو ساڵانە بووە شەش لاپەڕە و، هەشت لاپەڕە و دوانزە لاپەڕە و تا شانزە لاپەڕە و لە هەندێک لە بۆنەی نەتەوایەتیشدا دەگەیشتە بیست لاپەە و بە رەنگینینی چاپ و بڵاودەکرایەوە، ئا لێرەشدا دیسان پێویستە ئاماژە بە ماندووبونی برای نووسەر کاک ( ئیسماعیل تەنیا ) بدەین لە ئەڵمانیا کە ساڵی2012 هەستا بە کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکانی بێوار و شارەزایانە بیبلۆگرافیایەکی بۆ ژمارەکانی تەمەنی بێوار نەخشان و ئەمەش بووە کارئاسانییەک بۆ ئەم نووسینەی ئەمڕۆمان و پاشان کردیە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ هەر کەسێک سوودی لێ ببینێت چ وەک جۆری یان بابەتی رۆژنامەگەری لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا. بێوار وەک بڵاوکراوەیەکی مانگانەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتی دەردەچوو، هەر ئەوەش پێناسەکەی بوو تا دوا ژمارەی، لە جوغزی ئەم ناسنامەیشدا هەمەلایەنە بابەتەکانی بێوار رەنگاڵەیەکی تێکەڵ بوو لە لێکۆڵینەوەی سیاسی و سەردەم و تیشک خستنە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ و تێکەڵبوون بە کۆمەڵی هۆڵەندی و کۆمەڵە نامۆکان و هەڤپەیڤین و بابەتی ئەدەبی لە شیعرو کورتە چیرۆک و پەخشان و رەخنەی ئەدەبی، هەروەها بابەتی مێژوویی و بابەتەکانی سەردەم و تێهەڵکێش بە چەندین گۆشەی هەمەجۆر لەسەر بارودۆخی هەرێم و دنیای پەناهەندەیی، رووبەری بێوار وەک لاپەڕەکانی و وەک سنووری جوگرافیای هێندە فراوان بوو لە هەموو ماڵێک و لای پەناهەندەی هەموو وڵاتێک جێی دەبۆوە، هەر ئەمەش بوو وای کرد بە درێژایی تەمەنی هەروەک نووسەران و دۆستانی لە خوێندەوارانی بێوار ئاماژەیان پێداوە میوانێکی ئازیزی چاوەڕوانی مانگانەی کوردانی نیشتەجێی هۆڵەندە و کەمپەکانی پێشوازی پەنابەران و وڵاتانی تری ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا و پاکستان و ئێران، تەنانەت ناوەوەی کوردستانیش بوو، بێوار هەروەک ووتم بێواری هەمووان بوو بە جۆرێک بێوار ئاشنایەتی و خۆشەویستی پەیدا کرد تا ئەو ئاستەی ناوی منداڵە نوێ لە دایک بوونەکانیان دەنا بێوار.

چاوەڕوانی بەشی سێیەم بن ...

# پێداهەڵدانی هەڵە، زیانی لێدەکەوێتەوە چی ڕوودەدات کاتێک منداڵان لەلایەن دایکان وباوکانەوە بەردەوام ستایش دەکرێن؟

موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا




بەشی یەکەم

ئەو ڕێگە و شێوازانەی، کە زارۆکی پێ پەسەند دەکرێت چین؟

بۆچی زۆرجار ئەو پەسەندییانە، زۆر بەچاکی وەک کەمیەک بەگەشەکردنیەوە ڕەنگدەداتەوە؟ لەبەرئەوە گرنگە، باوان پەیڤەکانیان بەئاگایی و لەژێر چاودێریدا هەڵبژێرن، چونکە هەموو پێداهەڵگوتنێک، کاردانەوەی باشی لێناکەوێتەوە.

"نایابە!"

"زۆر باشە!"

"ئافەرین بۆ ئەو کارەی کردت!"

دایکان لەباخچەکانی یاریکردندا، لەهەمبەر یەکتردا وای نیشان دەدەن و پێیان وایە، کاتێک منداڵەکانیان بە وشەی پیاهەڵدان بانگ دەکەن، سەرکەوتوون، زۆربەی جار لەبەرامبەردا زارۆکانیان، هەمیشە لەسەر هەڵخلیسکان و لەیاری هەڵگەڕاندا بەردەوام دەبن و جارێکیتریش سەردەکەون و دێنەخوارەوە، زۆر پێشیان زەحمەت نییە و دەشتوانرێت ئەمە بەچاو ببینرێت، کە بۆ جاری چەندەمین، هەمان هەڵە دەکەنەوە. ئەم دیمەنەی سەرەوە دەکرێت بەشێوەیەکی تر وێنابکرێت، دیارە لەڕووی دینامیکیەوە ئەو منداڵەی کەیاری خلیسکێنە دەکات، ئەوا هەردەم دێتە سەرەوە و لەوازی بەردەوام دەبێت، مرۆ دەکارێ دروست سەرنجی ئەوە بدات و لێی ڕابمێنێت: پاش هەر خزینێک،منداڵەکە هەڵوەستەیەکی کورت دەکات و چاوێک لە دایکی دەبڕێت و هەر کە گوێبیستی "نایابە"ی دایکیشی دەبێتەوە،ئەوا یەکڕاست دیسان ڕادەکات و سەردەکەوێتەوە.

ئیدی بەئاشکرا بەدیاردەکەوێت،کە لەو وێنەیەدا چ هەڵەیەک هەیە: ئەو منداڵانە لەبەرئەوە ناخلیسکێن، تەنها لەبەرئەوەی چێژو خۆشییان پێدەبەخشێت، بەڵکو ئەوان یارییەکە بۆ دایکانیان دەکەن، ئەوان دەچنە سەر خلیسکێنەکە، چونکە بەدڵی دایکیانە.

+پیاهەڵدان چ فۆڕمێک بە منداڵ دەدات؟

گەر کەسێک بۆجارێک بەتێڕامانەوە، بیری لێبکاتەوە، ئەوا دەزانێت کەچەند بە بێ ئاگایی، بەڵێ بە بێ ئاگاییەوە! بە منداڵەکانماندا هەڵدەڵێین،ئەوا بەخێراییش بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بەو هۆیەوە، ئێمە هیچ جۆرە چاکەیەکیان لەگەڵدا ناکەین.

ئەو ڕێگا و شێوازانەی کە زارۆی پێ ستایش دەکرێت، کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر گەشە و پەرەسەندنیدا دەبێت.

پەسەندکردن لەوانەیە منداڵ بەرەو بڕوابەخۆبوون بەرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وادەکات، ڕەخنەلەخۆگرتن، حەزبەشتزانین، ژیریی، لەنێو هەمووشیاندا مرۆڤی بەختەوەر بەدەست بخات، کە هەست بکات، کە بەهۆی ئەوشتانەی کە خۆی پێی خۆشە پێیداهەڵدەگوترێت–نەوەک بۆ ئەو شتەی کەخۆی ئەنجامی دەدات. (ئەنجامدانی کارێک، تەنها بۆئەوەی خۆشیان بوێیت و بۆ ڕەزامەندیی باوان بێت، نەک ئەوەی ئەوکەسە خۆی دەیەوێت بیکات).

پیاهەڵدان دەکرێت رێک پێچەوانەوە بێتەوە و ناچالاک و ساردت بکاتەوە، یا ببێتە هۆی ترس و ئاریشە بەرپاکردن و ناڕاستیگوتن و مرۆڤ بەرەو ئەوە ببات، کە تا ماوە و بەدرێژایی ژیانی بەردەوام بۆ ڕەزامەندیی و دانپێدانان بەجیهاندا بگەڕێت.

ئەمەش زەنگێکی خەمبارە، بەڵام ئیتر ئەمە ئاوایە.

+ ئەو هەستەی وات لێدەکات بێکۆت و بەند خۆشەویست دەرکەویت لەدەمی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا، زۆر گرنگە کە هەست بەکاریگەری وشەکان بکرێت. ئێمەی باوان هەرچەندە ئەوە دەزانین، کە منداڵەکانمان بێ قەیدوشەرت خۆشدەوێت، بەڵام زارۆکان هەر لەخۆوە و خۆڕسکانە ئەمە نازانن. دەبێت پشت و پەناو بیمەیەکیان بۆدابین بکەین و بەچاکیش ڕەچاوی ئەوە بکەین، کەچی جۆرە هەڵسوکەوتێک بکرێت، بۆ ئەوەی بەباشی گوێمان بۆ شلبکەن کاتێ قسەیان لەگەڵدا دەکەین.

ئەمەش سەرنجیان لەهەموو کردارێکی تر زیاتر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشێت.

+ کلیلێک بۆ خۆشبەختی لە منداڵییدا... ئەم دەستەواژەیە لە سادەترین شێوەدا مانای توانەوە دەدات: تەنها ئەو منداڵە نەبێت، کە بەبێ کۆت و مەرج خۆشدەویسترێت، لەبەر ئەوەنا، کە ڕەفتارێکی دیاریکراو نمایش دەکات، لەوانەیە ببێتە مایەی لەدەستدانی تەواوی تواناکانی و بڕوا بەخۆبوون و بەختەوەریی لەژیندا. ئێوە پرسیار لەخۆتان بکەن، چ شتێک لە پێداهەڵدانێکی ڕاست ودروستدا هەیە ؟

"لە جیهاندا زۆر کەمن ئەو منداڵانەی، کە بەخت یاوەریان بووە، بەهۆی ئەو شتانەی کە خۆیان پێیان خۆشبووە و خوشەویست بوون، ئەم منداڵانەش هەموو ئاماژە بەوە دەدەن، کە پێویست نەکات، لەدنیادا خۆیان سەغڵەت بکەن، بۆ بایەخ بەدەستخستن "ئەمە (گێرهارد هیوتەر)ی نۆیرۆبیۆلۆگی وای دەگوت بۆ "هۆفپۆست".

خۆقەتیسکردن– ئەمە ئەو کلیلە وشەیەیە، کە منداڵان بەهەر نرخێک بێت، دەیانەوێت لەلایەن باوانیانەوە ببیبنن. ئەوانە ڕەنگە بیانەوێت، هەموو شتێک بکەن، تا ڕەزامەندیان بەدەستبهێنن، بەشێوەیەک و بەتەواوەتی خۆیان دەچەمێننەوە، تا ئەو ڕەزامەندیی و دانپێدانانە وەرگرن. هەر لەبەرئەوەش زۆر گرنگە، کە وشە بەئاگاییەوە بە کاربهێنرێت.

ئەمەش سەروکاری تایبەتی بە پێداهەڵدانەوە هەس.

+ هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەرێنیش، بۆی هەیە زارۆ زامدار بکات، ئێمە ئەوە ناکەین، کەتەنها لە کارێکی دروست یا خۆنواندنێکی باشدا، سەرسامی و بایەخدانێک پێشکەشی منداڵەکانمان بکەین، ئینجا ڕستەی وەک:

"ئافەرین، کە بەمشێوەیە ژیر بوویت!" یا "نایابە، کەبەسەر ئەوبەرزاییەوە سەردەکەویت!"دەبێژین.

بڕوانە ل 5

# پێداهەڵدانی هەڵە. زیانی لێدەکەوێتەوە چی ڕوودەدات
# کاتێک منداڵان لەلایەن دایکان وباوکانەوە بەردەوام ستایش دەکرێن؟

موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا

پاشماوە:

هەمیشەو بەردەوام هەڵسەنگاندنی ئەرێنی بۆمنداڵ دەکەین، کاتێ بەدڵمان بێت. جا بەتێپەڕینی کات، فێری ئەوە دەبێت، کە پیاهەڵدانەکەی ئێمە– یا گەر بەشێوەیەکی تر بڵێین، ئەو بایەخدانە تایبەتەی لەوساتەدا پێی دەبەخشین، پەیوەستە بە چالاکییەک، کە دەبێ کتومت ئەنجامی دابێت.

ئیتر منداڵەکە بەوجۆرە بەو دەربڕینانە دەگات و خۆشەویستی باوانی دەباتەوە و زێتر خۆشیان دەوێت، گەر بێت و کارێکی باشتر بکات، بەڵام ئەمە بەتایبەتیش لەفێرگەدا لەوانەیە ببێتە هۆی گرفتارییەکی گەورە.

لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە، کە منداڵەکانمان گەلێک جار بریندار دەکات. ئارامترین خاڵی بڕوابوون، کە منداڵان لە دنیادا بەرەو ژیان دەبات، ڕەنگە بەهۆی مامەڵەیەکی لەوجۆرەی باواندا تێکبشکێت، هیوتەر بەمشێوەیە ڕوونیکردەوە:" گەر منداڵێک لە بابەتی پێشبینییەکانی باواندا، هیواخواستن، ئامانج، خۆپێشکەشکردن، یا هەندێک ڕێکار، کە پێویستە بکرێن، کاتێک ئەمخاڵانە لەلایەن باوانەوە دادەڕووخێن. دواتر دەبێتە یاوەری ژانێکی مەزن. زۆرکەم لە باوان ئەمە دەزانن، کە بەهۆی حاڵەت و پێداهەڵدانێکی ساختەوە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەوان تەنها مەبەستیان باشە بووە، تەنها لەهەڵبژاردنی وشەدا وردنەبوون، بۆیە دەکرێت لێرەدا ڕستەیەکی باشیش، کاردانەوەی نەرێنی بەسەر منداڵەوە دروست بکات.

لێرەدا ٧ نمونە لەمانە دەخەینەڕوو:–

١– "نایابە"،"زۆرباشە"،"ئافەرین!"

بەتایبەتی منداڵانی زۆر بچووک بەمشێوازە و بەردەوام ستایشباران دەکرێن.

گەورەکان گەرەکیانە تەنێ لەم ڕێیەوە خۆشی خۆیان لەگەڵ بچوکەکانیاندا دەربڕن. لەجیاتی ئەمەش هەموو جارێک، هەڵسەنگاندن بۆ منداڵەکانیان دەکەن، گەر بێت و بەردێک لەسەرڕێیەک دابنێن، خۆڵ بکەنە سەتڵێکەوە و پڕیکەن، یاخود تەنانەت بەدەنگ هاوارێک بکەن. بەڵام خۆ ئەمە بەلای منداڵەکانەوە خۆش نییە. "پێداگوتنی بەردەوام، خراپترین شتە کەمرۆڤ بیکات" پرۆفیسۆر کلاوس هورێلمان بۆ "هوفپۆست" وایدەگوت. لێکۆڵەری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خوێندن، ڕوونیدەکاتەوە و ئەو پێوانەیە، کە منداڵ لە دەستدەدات، لە دوماهیدا چیتر نازانێت، کەچی باشە و چی خراپە، پاشان هیچ خاڵێکی لەسەر وەستانیشی بۆ ئەمە نابێت، کەچۆن بەرەو باشتری ببات". گەر هەر ناشتەوێت بەبێدەنگی لەتەک منداڵەکەتەوە دانیشی لەوەختی یاریکردن، بۆنموونە با ئەو ڕستانە بڵێتەوە کە دەیانبینێت: "تۆ بەردەکانت لە سەریەک دانا" "ئێستا خۆڵەکە لەناو سەتڵەکەدایە"

"دەنگەکە بەرز بوو'

٢–"کارەکەت باش ئەنجام دا!"

ئەم ڕستەیە لەو ڕستەیە باشتر نییە، کە دەڵێت:"تۆ کارەکەت خراپ ئەنجام دا"جا فیروسیا منداڵەکە هەرچییەکی کردبێت با کردبێتی، وێنەیەکی کێشاوە، یا بەخۆڵ قەڵایەکی دروستکردووە، یا خلیسکاوە، ئیدی کارەکەی هەڵسەنگێندراوە. بەڵام خۆمنداڵەکە لەلایەن باوانییەوە هیچ پێویستیەکی بەهەڵسەنگاندن نییە، ئەوەی بەڕاستی گەرەکیەتی، هەستەکەی ببینرێت، لەڕاستیشدا ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ منداڵەکە زۆر بەهادارترن: "من دەتبینم لەسەر سەرەوەیت، تۆ توانیت سەرکەویت!"بەمجۆرە باوان دەتوانن لەگەڵ منداڵەکانیان خۆشحاڵبن، بەبێ ئەوەی گەمەیان پێبکات.

٣– "زۆرم پێباشە کە تۆ لەکۆکردنەوەدا یارمەتیم دەدەیت."

منداڵ کە گوێبیستی ئەم ڕستانەدەبێت، یەکسەر وەریدەگرێت :"ئەها! دایە پێی خۆشە کە من یارمەتی دەدەم لە کۆکردنەوەدا. "لەم نمونەیەدا بۆئەو هەڵویستەی هەروەها ستایشیش کراوە. ئەگەری ئەوە هەیە لە ئاییندە لەهەڵبژاردن و کۆکردنەوەدا بەردەوام هاوکاربێت، بەهەرحاڵ شتێکی جیاواز نەبێت لەوەی کردوویەتی، بەڵکو وەک ئومێدێکی دایکان و باوکانیش کارێکی ئەرێنییە گەر ئەنجام بدرێت. ڕاهێنەری خێزان –جەسپێر یوول– کە یەکێکە لەو هەموو پسپۆڕانەی پەروەردە، کە هۆشداری لەمەترسی لە ڕادەبەدەری پیاهەڵدان دەدات: "پیداهەڵدان هۆرمۆنی چێژوەرگرتن وشک دەکات و دواتریش منداڵان گیرۆدە دەبن. بەهەڵە لێم تێمەگەن: پیاو دەتوانێ شەو و ڕۆژ بەسەر منداڵەکانیدا هەڵبڵێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: دواتر چی ڕوودەدات؟ گەر بتەوێت منداڵێکت هەبێت، بەبێ هیچ بیرلێکردنەوەیەک کاربکات، پیاهەڵدان کارێکی پراکتیکیە." لەجیاتی ئەوەی منداڵەکەت لە کۆکردنەوەی ماڵدا پەسەند دەکەیت، دەتوانیت بڵێیت: "سوپاس کە یارمەتیت دام." بەهۆیەوە دان بە کۆششەکەیدا دەنێیت، بەڵام هەڵیناسەنگێنیت.

٤–"ئافەرین،کە یاریەکانت لەگەڵ منداڵانی ترتدا بەشدەکەیت."...لێرەشدا منداڵەکە بە هۆی بەرخوردێکەوە، دیسان ستایش دەکرێت. ئەم نمونەیە بایەخدارتر دەبوو، گەربهاتایە ئەم جۆرە ستایشە، بۆ منداڵەکە لەکاتێکدا بوایە، گەر بەدەگمەن یارییەکانی بەشبکات، بەتایبەتریش گەر دایکان و باوکانیش نەیبینن. توێژەری زانستیی –جوان گروسەک– لە زانکۆی تۆرنتۆ لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەگاتە ئاکامێکی مەترسیدار. ئەو توانیویەتی بیسەلمێنێت، کە ئەو زارۆیانەی بەردەوام ڕستەی وەک "نایابە، کە دابەشتکرد" یا "من شانازیت پێوەدەکەم، کە یارمەتی خەڵکیدی دەدەیت "دەبیستن، زۆر دەگمەنتر لەگەڵ هی تر بەشی دەکەن، یاخود هاوکاریان دەکەن، گەر بێت و گەورەیەکی لەنزیکەوە نەبێت، تا بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی ستایشی بکات. ئەو مامەڵە پۆزەتیڤانەش هەمووی بۆشتگەلێک کراون، تا دواتر دانپێدانان بەدەستبخات، نەک لەبەر ئەوەی خۆشییەکی پێ دەبەخشێت.

مامەڵەکە بەشێوەیەکیتر دەبوو،ئەگەر بایەخدان بەمنداڵەکە، بەهۆی هەڵسوکەتێکی ئەرێنی بەنرخ بوایە، وەک: "سەیرکە، ئەو کوڕە چەند خۆشحاڵبوو، لەبەرئەوەی بۆی هەبوو، بەکرێنەکەت یاری بکات."

٥–"ئەمە بەڵێ وێنەیەکی بێسنور جوانە"....ئێمە گەر بەمشێوەیە وێنەیەکی منداڵەکەکانمان هەڵسەنگێنین، ئەوا هەردەم بەخۆشحاڵییەوە نیگار دەکێشنەوە، گەر لێیانەوە نزیک بین، کە ڕای خۆمانیان پێبڵێین و ددان بەکارەکەکانیاندا بنێین. بەڵام بەداخەوە ئەم ستایشە کە مەبەستمان باشەیە بەرەو ئەوەی نابات، کە ئەو منداڵە تەنها بۆ چێژ و خۆشییەکی ڕەها بۆ وێنەکێشان پەلاماری قەڵەمڕەنگەکانی بدات، بەڵکو ڕەنگە دروست بۆ ئەوە بێت، کە ئیتر بایەخدانی بە یەکجاری بۆی لەدەستبدات.

ماویەتی

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## ئەڵمانیا دەخوازێت خاشاکی پلاستیکی نەمێنێت



مادە پلاستیکیەکان، وەک کیسە و عەلاگەی نایلۆن و بوتڵی خواردنەوە و جۆرەها پاشەڕۆک، کە دوای بەکارهێنان فڕێ دەدرێن، کاریگەریەکی زۆر خراپ دەکاتە سەر ژینگە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پیسبوون، بۆیە ئەڵمانیا ئێستا بەرێژەیەکی زۆر ئەمجۆرە پاشەڕۆکانەی کەم کردۆتەوە و هەوڵی ئەوەش دەدات لەسەر ئاستی جیهان کار بۆ نەهێشتنی ئەو پاشماوانە بکرێت کە دەبنە هۆی پیسبونی ژینگە، خاتوو" سڤینیا شوڵزە" وەزیری ژینگە ڕایگەیاند: کە ئێستا لە کۆنگرەی ژنێڤ، وڵاتان خەریکی دۆزینەوەی ڕێوشوێنکێن بۆ سنوردانانی پیسبوونی ژینگە، ئەڵمانیاش پرۆژەیەکی بایەخداری هەیە بۆ ئەم مەبەستە، کە ئەو مادە پلاستیکیانە دەگرێتەوە.

## لەسەر سعودیە ئۆپۆزیسیۆنی ئەڵمانیا ڕەخنەلە حکومەت دەگرێت




بەپێی پرۆژەیەکی نێوان وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا و سعودیە، لەم رۆژانەدا ژمارەیەک ئەفسەری سعودیە دەگەنە ئەڵمانیا و لە خولێکدا لە ژێردەستی ئەفسەرانی ئەڵمانی ڕاهینانیان پێدەکرێت، تا ئامادەیان بکەن لە کاتی ڕوودانی جەنگدا، لەسەر ئەم پرسە هەردوو پارتی سەوز و چەپی ئەڵمانی، ڕەخنەیان لە مێرکل وحکومەتەکەی گرتووە، کە هاوکاری سەربازی ڕژێمێک دەکات، کە مافی مرۆڤ ناپارێزێت و ئاڕاستەیەکی شەڕانگێزی لە ناوچەکەدا دروست کردووە.


## مێرکل بەتوندی وەڵامی نەیارانی دایەوە



لەم دواییانەدا ئەوە بڵاوبۆوە، کە " ئەنجێلا مێرکل" لەو مانگەدا دەست لە پۆستی راوێژکاری ئەڵمانیا دەکێشێتەوە و خاتو " کرامب کارینباوەر" جێگەی دەگرێتەوە، پاش ئەوە مێرکل ئەو پروپاگەندانەی ڕەتکردەوە و گوتی بەهیچ شیوەیەک بەر لە تەواوبونی خولەکەی وازناهێنێت.

شایانی باسە لە هەڵبژاردنی ڕابردووی ئەڵمانیا، پارتەکەی مێرکل شکستی هێنا و دەنگەکانی زۆر کەمی کرد، بۆیە بڕیاریدا سەرۆکایەتی پارتەکەی بەجێ بهێڵیت و خاتو کرامپ جێگەی گرتەوە، هەروەها بڕیاریشیدا چیدی خۆی بۆ پۆستی ڕاوێژکاری کاندید نەکاتەوە و واز لەکاری سیاسی بێنێت.

## لە بڕینی تکیتی فڕۆکە بە ئۆنلاین هۆشداری دەدرێت




ڕۆژنامەی" باساوەر نۆیەپرێسە" بڵاویکردۆتەوە، کە ژمارەیەک ساختەکار، سایتێکی فرۆشتنی تکتی فڕۆکەوانیان کردۆتەوە و بەنرخی هەرزان و سەرنجڕاکیش تکتی گەشتەکان دەفرۆشن، بەڵام سایتانە ساختەی تێدایە و هیچ سەرچاوەیەکی نییە، لەسەر ئەم ڕەفتارە، ڕۆژنامەکە دیداری لەگەڵ ژنێکی ٣٤ساڵە کردووە، کە تکتی بڕیووە و بڕی ٦٣٥ یۆرۆی خستۆتە سەر کۆنتۆی ئەو گروپە و تکتیان بۆ ناردووە، کاتێک چۆتە فڕۆکەخانە دەرکەوتووە، کە تکتەکەی هیچ بنەمایەکی نیە و ئەو سایت و کۆنتۆیەش هەمووی بە ساختەکراوە، بۆیە ڕۆژنامەکە هاوڵاتیان هوشیار دەکاتەوە لەوەی کاتێک بە ئۆنلاین نرخێکی هەرزان و سەرنجڕاکێشیان بینی باوەڕ نەکەن و تژیتی لێ نەکڕن.

## کارێکی ڕاستڕووەکان ناڕەزایی لێ دەکەوێتەوە...



لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتیی ئەوروپا، پارتی جێگرەوە بۆ ئەڵمانیا AFD چەند تابلۆ و پۆستەرێک بەکار دەهێنێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی، لەوانە تابلۆیەکی هونەرمەندی فەرەنسی " لیۆن گیرۆمە" و لە ١٨٦٦ دا دروستیکردووە، ئەو ڕاستڕەوانە، مانای ئەو تابلۆیەیان شیواندووە بۆ قازانجی بەرنامەی کاری خۆیان بەکاری دێنن، ئەویش ئەوەیە، گوایە ئەوروپا واخەریکە بەرەو ئیسلامەتی دەڕواو ئەوانەی لە تابلۆکەدا دەبیندرێن، گوایە موسڵمانەکانن و بە شیوازێکی ناشایستە مامەڵە لەگەڵ ژنێکی ڕوت دەکەن، ئەو کارە ناڕەزایی زۆری لایەنە هونەری و سیاسیەکانی لێ کەوتۆتەوە و داوایان لەو پارتانە کردووە ئەو تابلۆ مێژوییە بەکارنەهێنن، بۆ بانگەشەی سیاسی.

## سەیارەیەک خۆی کرد بەناو مۆڵێکدا




دوێنێ لەشاری هامبۆرگ پیرەمێردێکی ٨٥ ساڵ لەوکاتەی دەیویست ئۆتۆمبیلەکەی پارک بکات، پێی نا بە بەنزیندا و یەکسەر بۆ ناو مۆڵی سترینتاڵ لە Poppenbüttel و لە ئەنجامدا لەسەر ئاسانسوار" مصعد" ەکەوە گیرساوەتەوە، لە ئەنجامی ئەو ڕوداوەدا دوو کەس لە ترسان لەهۆش خۆیان چوون و پیرەمێردەکەیش بریندار بووە، زیانی مادیش ٤٠ هەزار یۆرۆیە.

# ئۆتیزم و چارەسەرکردنی کێشەی چوون بۆلای پزیشکی ددان...




لەسەردانێکمدا ساڵی ٢٠١٧ بۆ کوردستان، لە ڕێکخستنی کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان، چەند (ۆرک شۆپ)ێکم پێشکەش کرد، لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزمدا، لە کۆتایی ورکشۆپەکەدا ڕۆژێکیشمان تەرخان کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ باوکان و دایکانی ئەو منداڵانە. ئەو چالاکییە ڕۆژێکی دەگمەن بوو لە ژیانمدا، تا ماوم لەبیرم ناچێتەوە، چۆنکە یەکێک لەو باوکانە بەدەم گریانەوە باسی منداڵەکەی خۆیکرد، کە چۆن بردوویەتی بۆلای پزیشکێکی ددان. چۆن منداڵەکەی هاواری چۆتە ئاسمان و قیژاندویەتی و گریاوە لە ژێر دەستی پزیشکەکەدا. باوکەکەش باسی دەکرد گوتوومە دکتۆر گیان بە قوربانت بم شتێک بکە منداڵەکەم با ئەوەندە نەگری و هاوار نەکات، باوکەکە دەیگوت هەر دەتگوت لەگەڵ ئەویشم نییە و زیاتر سوار سەری منداڵەکەم دەبوو، بۆ ئەوەی ددانەکەی هەڵبکێشێت، ڕاستە ئەمە گرفتێکی تری گرفتەکانی ئۆتیزمە نەک تەنها لە کوردستاندا. بەڵکو ئەمە کێشەیەکە لە هەمو وڵاتێک هەیە.

بۆ منداڵی ئۆتیزم لەو جۆرە شوێنانە دەترسێت..؟ چەندەها هۆکار هەن وەک:

١ –بەگوێرەی منداڵەکە شوێنەکە، پزیشکەکە و جلەکانی لە بەریدایە تازەیە.
٢ –قەرەباڵغی جێگاکە. ٣–دەنگە دەنگی ئامێرەکانی کە بەکار دەهێنرێت. ٤– ئەو ئامێرانەی لەناو دەمی منداڵەکەدا بەکار دێت. ٥ –ڕوناکی گڵۆپەکانی دەدرێت لە دەموچاوی. ٦ –نازانێت چەند دەخایەنێت و توانای بەسەر هیچدا نیە. خۆشبەختانە لە وڵاتانی دەرەوە بیریان لە چارەسەری ئەم گرفتەش کردۆتەوە و چەندەها سەنتەری چارەسەرکردنی ددان کرواتەوە، تایبەتن بە منداڵانی ئۆتیزم و منداڵە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان. واتە کەسوکاری ئەو منداڵانە و منداڵەکەش ئەو کێشانەیان نەماوە... سەنتەرەکە بە جوانترین شێوە ڕازێنراوەتەوە، هەموو دیوارەکان نەخشێنراون بە تابلۆی جوان و پزیشک و کارمەندەکان هیچیان جلوبەرگی تایبەت بەپزیشکیان لەبەردا نییە، هەر چوونە ژوورەوەی منداڵەکە بۆ شوێنەکە، هەست بە هیچ نائارامیەک ناکات، چونکە پێشتر هەموو زانیاریەکیان بە وێنە دراوە بە کەسوکاری منداڵەکە تا نیشانی منداڵەکەی بدەن. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکشەوە پێشتر جۆرە کرێمێک دەدەن لە دەستی منداڵەکە ناوی ئێملەیە، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کانوێلاکەی لێدەدەن، منداڵەکە هەست بە ئازار نەکات، واتە ئەو کرێمە ئەو شوێنە بەنج دەکات، دواتر ئەو منداڵە بۆ ماوەی شەش کاتژمێر پێش چارەسەرکردنەکە، نابێت هیچ بخوات و بخواتەوە. بەڵام بۆی هەیە پێش چارەسەکردنەکە بە ٢ کاتژمێر ئاو بخواتەوە. دوای ئەوە کە هاتەوە بۆ سەنتەرەکە لە ڕێگای کانوێلاکەوە لە شوێنی کرێمەکە بەنجی دەکەن و دەست دەکەن بە چارەسەرکردنەکە. کە بەنجەکە بەریدا منداڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و بە هیچ شێوەیەک هەستی بەوە نەکردووە، ددانی هەڵکێشراوە یان پاککراوەتەوە. داخوازیم ئەویە لە باوکان و دایکان و بەرپرسیاران لە کوردستان، ئەگەر ئەم ڕیکارانە ئەنجام نەدرا، هیوادارم بتوانیت ئەم خاڵانە ڕەچاوبکرێت:




١ –پزیشکێک بدۆزیتەوە شارەزایی هەبێت، لەسەر ئۆتیزم و بە تەحەمول بێت و ماوەی زیاتر بۆ منداڵەکەت تەرخان بکات.

٢ –پزیشکێک بە شێوەیەکی زۆر سادە و ڕوون، بە وێنەوە بۆ منداڵەکەتی شیبکاتەوە، چۆن چارەسەری ددانەکەی دەکات.
٣ –بە منداڵەکەت بڵێت کەی دەست پێدەکات و کەی کۆتایی پێدێت، تەنها ئەگەر کاتژمێرێکیش دابنێت لەبەردەم منداڵەکدا باشترە.
٤ – دایک و باوک لە ماڵەوە دەتوانن، بە وێنە بۆ منداڵەکەیانی ڕوون بکەنەوە بۆچی دەچن بۆ لای پزیشکی ددان.

٥ – ناوی پزیشکەکە بە منداڵەکەیان و بڵێن و پێی بڵێن چیی لەبەردایە .
٦ – دڵنیایی بدەنێ کە دوای تەواو بوون لە چارەسەرەکە. دیارییەک وەک پاداشت وەردەگرێت. با دیارییەکە ئەو شتە بێت، کە خۆی حەزی لێیەتی.

٧ –هەوڵ بدە لە کاتی چونتان بۆلای پزیشکەکە، دەرمان و فڵچەی ددان شتنەکەی لەگەڵ خۆی بەرێت، بۆئەوەی منداڵەکە بزانێت ئەمانە هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە، ئەوسا منداڵەکە زیاتر هاندەدەیت دەم و ددانی بشوات، دەتوانیت پێی بڵێیت چەند دەم و ددانت بشۆیت کەمتر ئازاری ددانت دەبێت ..

٨ –ئەو ڕۆژە ئەو شتەی ڕۆژانە خۆی حەزی لێیە بیگرێت بەدەستیەوە، با بیبات لەگەڵ خۆیدا.

٩– ئەو گۆرانیەی منداڵەکە خۆی حەزی لێیەتی بیبەن و لەکاتی چارەسەرکردنەکەدا، دەەتوانێت بە سەماعەی گوێ، گوێی لێبگرێت.
١٠ – بە پزیشکەکە بڵێیت، هیوادار گەر تەلەفونێکت بۆ هات کاتی چارەسەرکردنەکە وەڵام نەدەیتەوە، چونکە منداڵەکەم زیاتر نائارام دەبێت چونکە بۆی ڕوون نییە چ پەیوەندیەک هەیە لە نێوان چارەسەری دانەکەی ئەم و تەلەفونەدا.


١١ – باشترە گەر بکرێت و بتوانیت، لە ماڵەوە ئەو فڵچەیەی، کە بە پاتری کاردەکات، بۆی بەکاربهێنرێت، چونکە منداڵەکە زیاتر شارەزایی لەرزینەوەکەی ناودەمی دەبێت. هیوادارم تێگەیشتنێک و لاکردنەوەیەک هەبێت، لەلایەن پزیشکەکانمانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ترسی منداڵەکە نەمێنێت و کەمێکیش ئەو قورساییەی سەرشانی کەسوکاری منداڵانی ئۆتیزم کەم بکرێتەوە.

# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد





## ئاکۆ غەریب

ساڵی 1962 لە سلێمانی لە دایک بووە. ساڵی 1980 لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە بەشی شێوەکاری وەرگیراوە، ساڵی 1985 پەیمانگەی بەشی وێنەکیشانی تەواوکردوە، یەکێک بووە لە دەرچووانی دەورەی یەکەمی پەیمانگە. ئەم پیشانگە تایبەتانەی کردۆتەوە.. ساڵانی (1980 سلێمانی 1982 سلێمانی 1989 سەقز. 1991 سلێمانی، دهۆک– زاخۆ 2000 سلێمانی، هەڤاڵ مامجەلال پێشەنگاکەی کردۆتەوە). هەروەها بەشداری پێشانگە هاوبەشەکانی یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستانی کردووە، لە ناوخۆی وڵات و لە وڵاتانی ئەوروپا. ساڵی 1990 بەشداری چالاکییەکانی یەکەمین ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەی کردووە، لەتاران، سەقز شنۆ و نەغەدە. ساڵی 1997 یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، ماوەی سیانزە ساڵ بەڕێوەبەری هونەری و دەستەی دامەزرێنەری گۆڤاری سیخورمە بووە. دامەزرێنەری خانەی سمۆرە بووە بۆ ڕۆشنبیریی منداڵان، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی. خاوەنی ئەم چاپکراوانەیە. 35 کتێبی منداڵان– وەرگێڕان لە فارسییەوە. کورد و نیشتمانەکەی.. زمانی کاریکاتێر، کۆمەڵێک گوتار لە فارسییەوە. مێژووی هونەری بیناسازی کوردی، یەکەم هەولێر، دووەم کۆیە. مێژووی جلوبەرگی کوردی، سێ ئەلبوومی وێنەیی دەربارەی فەرشی کوردی، خورجی کوردی، کڵاوی کوردی. ئێستاوەک بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە کاردەکات. ئەمە جگە لەوەی ساڵی 1985 پەیوەندی کردووە بەهێزی پ.م کوردستان ی.ن.ک وەک ئەندامی یەکێتیی هونەرمەندان کۆمیتەی شاخ کاری کردووە. دواتر چۆتە سوریا و پاشان لە ڕاپەڕیندا، لەگەڵ هەڤاڵ مامجەلال گەڕاوەتەوە کوردستان. یەکێکە لەو کەسانەی، کە تاکو ئێستاش بڕوانامەی پەیمانگەی پێنەدراوە.










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807